# بارودۆخی ڕامیاری نێوان میرنشینە کۆنەکانی عەرەب لە باکوور و باشووری نیمچە دورگەی عەرەبی توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان میرنشینی (معین و غساسنە) بە نموونە

شاکر رضا أحمد[1] کەیفی پیرداود عمر[2]
[1] بەشی ڕاگەیاندن/ پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ کوردستان/ عێراق
[2] بەشی شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین/ کوردستان/ عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە مێژووی ڕامیاری نێوان دوو میرنشینی کۆنی عەرەبی، غەساسنە لە باکوور و معین لە باشووری نیمچە دوورگەی عەرەب، مەبەستیش لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی جیاوازیەکان و لەیەکچووەکانە لەڕووی ڕامیاری و پەیوەندیە دەرەکییەکانی هەردوو میرنشین و دۆزینەوەی هۆکاری جیاوازییەکانە، چونکە جیاوازی بارودۆخی ڕامیاری لە باکوور و باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی پێشهات و ڕووداوی جیاوازیشی بەرهەم هێناوە. بۆیە دەبینین ئەم دوو میرنشینە هەر لە سەرەتای دروست بوونیان تا ڕووخانیان جیاوازی هەبووە لە بەشێکی لایەنی ڕامیاریان، کە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بوونی زلهێزەکان لە بەشی باکوور و نەبوونی لە باشوور ڕۆڵیان هەبووە لەم جیاوازیەدا، لەهەمان کاتدا خاڵی هاوبەشیش هەبووە لەنێوانیان، چونکە هەردوو میرنشین بنچینە و ڕەگەزیان یەکە و باکووریەکانیش هەر باشووری بوونە بەڵام کۆچیان کردوە بۆ باکوور و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات خۆیان گونجاندوە و تێکەڵ بە شارستانییەتی ناوچەکە بوونە.

کلیلی وشەکان: غەساسنە، معین، حارث، ڕۆم، فارس.

## پێشەکی

مێژووی کۆنی عەرەب هەر لە بنەڕەتدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو مێژووە بناغە و هەوێنی ڕووداوەکانی داهاتووە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت دوای کۆچی هۆزە عەرەبەکان و سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام. درێژکراوەی ئەو مێژووە کاریگەری هەیە تا ئەمڕۆش بەتایبەت لە ناوچەکانی ئێمە و دەوروبەردا، چونکە بەهۆی بارودۆخی ئایینی و ڕامیاریەوە عەرەبەکان توانیان بگەنە لوتکەی دەسەڵاتی ئەم ناوچانە.

وەك ئاشکرایە سەرەتا عەرەبەکان تەنها لە ناوچەکانی یەمەن و حیجازدا نیشتەجێ بوون، دواتر دەستیان بەکۆچکرد و لەگەڵ شارستانیەت و کلتوری ناوچەکانی دیکە تێکەڵ بوون و توانیان جێ پێی خۆیان بکەنەوە لە هاوکێشەکاندا، هەر بۆیە ئەم توێژینەوە دەرخەری ئەو جیاوازیەیە، کە عەرەبەکانی باشووری بنچینە لەگەڵ عەرەبەکانی باکووری کۆچکردوو هەیتیان، ئەمەش هاتنە ناو جیهانی ململانێ سەختەکانە، کە تا ئەوکات بۆ عەرەبەکان نامۆ بووە بە تایبەت کاتێك غەساسنەکان دەکەونە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی فارسی ساسانی و ڕۆمە بێزەنتییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو جیاوازی و لەیەك چوونانەی لەنێوان دوو میرنشینی عەرەبی هەیە لەڕووی ڕامیاری ئەوانیش غەساسنە لە باکوور و معین لە باشوور و بەراوردێکی ڕامیاریانەی نێوانیان دەکەین، بێگومان ئەوەش ڕوونە، کە غەساسنەکان لە باشووك رەوە کۆچیان کردوە بۆ باکوور و تێکەڵ بە جیهانی ڕۆمانی و فارسی بوون، کەچی معینەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ماونەتەوە، جا لەبەر ئەوەی باکوور نزیك بووە لە دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی جیهانی ئەوکات، بەدڵنیاییەوە جیاوازی گرنگ لە مامەڵە و پەیوەندیەکان و سیاسەتی ناوچەکان بەدی دەکرێت بەراورد بە باشوور.

لەتوێژینەوەکەماندا پشتمان بە ڕێبازی پشکنینی مێژوویی وەسفیی و گێڕانەوەی مێژوویی هەردوو میرنشین بەستووە، هەر لەم گێڕانەوە مێژووییەدا جیاوازیەکان دەردەکەون، چونکە هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی و هەڵکەوتەی جیۆسیاسی خۆی هەبووە.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، کە لە تەوەرەی یەکەمدا هەوڵمانداوە پوختەیەکی مێژوویی دروست بوونی و سەرهەڵدانی هەردوو میرنشین بخەینە بەر دید، لەگەڵ شوێن و پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافیان لەسەر نەخشەی جوگرافی. لە تەوەرەی دووەمدا باسمان لەدیوە لەیەکنەچوو و دیوە لەیەکچووەکانی نێوان هەردوو میرنشین کردوە لەڕووی دەستپێکی حوکمڕانی و بارودۆخی ناوخۆییان، چونکە سەرەڕای

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد ، العدد (2022)
أُستلم البحث في 25 مایو 2022؛ قُبل في 20 سبتمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 30 سبتمبر 2022
البرید الإلکتروني للمؤلف : Shakir.ahmed@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 شاکر، کەیفی. هذە مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND0 .4

جیاوازیەکان لەبەر ئەوەی هەردوو میرنشین لەیەك سەرچاوەوە هاتوون و بنچینەیان یەکە، بێگومان خاڵی هاوبەش لەنێوانیان زۆرە. هەرچی تەوەرەی سێیەمە تیایدا ئەوەمان خستۆتە ڕوو، کە بارودۆخی هەردوو میرنشین لەڕووی پەیوەندیەکانەوە چۆن بووە؟ کە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیان باکووریەکان زیاتر سەربازی بوونە و باشووریەکانیش زیاتر بازرگانی.

ئەو بەربەست و گرفتانەی دێنە بەردەمی ئەم توێژینەوە کەم نین، هەر لە نەبوونی سەرچاوەی پێویست و نەبوونی دەقی زۆر و پچڕانی هەندێ ڕووداو و نەلکاوی بەشێکی ڕووداوەکان بەیەکترەوە، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی خاوەنی بابەتەوە واتا عەرەبەکان و دووری ڕا جیاوازەکان لە یەکتر لە گرنگترین ئەو کێشانەش لەبەردەمی توێژینەوەکە.

بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان پتەو و دامەزراو بێت پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز بەستووە، هەر لە کتێب و توێژینەوە زانستییەکان بە تایبەتیش بە زمانی نەتەوەکە خۆی، چونکە ئەوان خۆیان نزیکترین کەسن لە ڕووداوەکان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆریان کردوە لەسەر خۆیان و مێژوویان، هەرچەندە درەنگ ئەم توێژینەوانە کراون بەڵام بۆ ئێستای ئێمە گرنگی خۆیان هەیە، لەوانەش کتێبەکەی أحمد حسين الجميلي بەناوی، العلاقات الخارجية لدولة الغساسنة، کتێبەکەی جرجي زيدان بەناونیشانی، العرب قبل الاسلام و کتێبەکەی السيد عبدالعزيز سالم کە ناوی بریتیە لە تاريخ العرب في عصر الجاهلية، هەروەها کتێبەکەی دکتۆراحمد امين سليم و ابوالعيون بركات لەژێر ناونیشانی جوانب تاريخ و حضارة العرب في العصور القديمة، شانبەشانی بەرگەکانی کتێبەکەی جواد على بە ناوی المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام. کتێبەکەی ثیودور نولدکە بەناونیشانی ( امراء غسان) بەیەکێك لە هەرە سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی غەساسنەکان دادەنرێت. هەروەها بيغوليڤسكيا، نينا ڤكتورڤنا لە کتێبی (العرب على حدود بيزنطة و ايران من القرن الرابع إلى القرن السادس الميلادي) زۆر بە وردی باسی دەسەڵاتدارانی هۆزە عەرەبەکان دەکات کەوا چ ڕۆڵێکیان هەبوو لە سەرپەرشتی کردنی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەی خۆیان. تێزی دکتۆراکەی مجتبى على ابراهيم محمد لەژێر ناوی التنظيمات السياسية في بلاد العرب قبل الاسلام و ماستەر نامەکەی رهام فواز فارس النعيمات بەناوی صورة المناذرة و الغساسنة في الشعر الجاهلي، هەروەها توێژینەوەیەکی گرنگیش کراوە لەلایەن سلامة النعيمات، لە مجلەی الأردنية بەناونیشانی (علاقة إمارة الغساسنة بالدولة البيزنطية خلال القرنين السادس و السابع الملاديين). چەندین سەرچاوە و لینکی ئینتەرنێت بوونە هەوێنی سەرچاوەی زانیاریەکانی ئەم توێژینەوەیە.

دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، کە ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی دەست و بیر و هۆش و تێفکرینی مرۆڤە، هیچ کارێکی مرۆڤیش بێ کەموکوڕی نییە، تەنانەت مرۆڤ خودی خۆشی کامل نییە و کەموکوڕی هەیە و ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر جیاوازیەکانی نێوان دوو میرنشین و خستنەڕوو و لێکدانەوەی ئەو زانیاریانەی کۆکراونەتەوە، لەبەر ئەوە تەنها و تەنها کامل بوون بۆ خوای باڵا دەستە.

## تەوەرەی یەکەم: پوختەیەك دەربارەی مێژوو و جوگرافیای هەردوو میرنشین

### یەکەم: لایەنی مێژوویی

بەهۆی کەمی زانیارییەکان دەربارەی مێژووی دەوڵەتی غەساسنە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان مێژوونوسان لەسەر ناو و ژمارەی پاشاکان و ماوەی فەرمانڕەوایەتیان، پێش ئەوەی بێنە ناو خاکی سوریاوە. (الشيخ، 2003، ص: 157-158). کۆنترین سەرچاوەی عەرەبی، کە زنجیرەی پادشاکانی غساسنەکانمان بۆ دەخاتەڕوو کتێبەکەی تاريخ سنى ملوك الارض والانبياء، کە دەگەڕێتەوە بۆ حمزه اصفهانى، لە کتێبەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە، کە ژمارەی پادشاکانی غساسنەکان 32 کەس بوون (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1)، بۆ ماوەی 600 ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە، ناوەکانیان، ڕەچەڵەکیان و ماوەی حکومڕانیان دەخاتەڕوو (زيدان، 1922، ص: 185).

ئەوەی دیارە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتییەکان لە شام، بنەماڵەیەکی عەرەبی بەدیارکەوتن بە ناوی بنەماڵەی غسان یاخود بنەماڵەی جفنە (بۆ زانیاری ڕەچەڵەکی آل جفنة بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2)، هەروەها غساسنەشیان پێدەگووتن، ئەم بنەماڵەیە تا هاتنی سوپای ئیسلام بۆ شام بەردەوام بوون لە ژیانکردن لەم ناوچەیە (على، 1993، ص: 387).

بنەچەی سەرەکی غەسان لە خێلی ألأزدی یەمەنی بوون، لە ئەنجامی داڕووخانی بەنداوی مأرب (حسين، 2020، ص: 33) و لەناچوونی سیستەمی کشتوکاڵی و شوانکارەی لەیەمەن بە سەرکردایەتی عمرو بن عامر مزيقياء لە باشوری نیمچە دورگەی عەرەبی بۆ ناوچەی شام بەچەند قۆناغێك کۆچیان کرد (سالم، ب.ت، ص: 23)، لە دەوروبەری ناوچەی حوران و جولان نیشتەجێ بوون ( العلى، 1955، ص: 44).

پێش ئەوەی غەساسنەکان لە شام نیشتەجێ بن، خێلێکی دیکە لەوکاتەدا فەرمانڕەوایەتیان دەکرد لەم ناوچەیە بەناوی خێلی سلیح، سەرەتا ناکۆکی لە نێوانیان دروست بوو، دواتر غەساسنە ڕازی بوون لە ژێر دەسەڵاتی سلیح نیشتەجێ بن، بەڵام وورده وورده دەسەڵاتی خۆیان بەهێزکرد و لە دژی سلیح وەستانەوە تا لە شەڕێکدا دوایین سەرۆکی خێلی سلیح دەکوژرێ بەناوی سلیح کوڕی حلوان، ئینجا بە تەواوی دەسەڵاتی ناوچەی شام دەکەوێتە دەستی سەرۆکی خێلی غەساسنە بەناوی جفنة کوڕی عمرو کوڕی ثعلبة کوڕی عمرو کوڕی مزيقياء (بيغوليڤسكيا، 1964، ص: 218).

بەهۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی ناوچەکە بە گۆڕانی بنەماڵەی حوکمڕانی سلیح بۆ غەساسنە، ئیتر سەردارانی ڕۆم کەوتنە خۆ بۆ ڕاکێشانی دەسەڵاتدارانی غەساسنە بۆ بەرژەوەندی و لایەنگری خۆیان لە ترسی دروست بوونی پەیوەندییان لەگەڵ فارسە (ساسانییەکان) لەم ناوچەیە، هەر بۆ ئەوەی سەروەت و سامان و بەرژوەندییەکانی خۆیان لەهێرشی خێلە دەشتەکیەکان و سنوریان لەگەڵ فارسەکان بپارێزن، ناچار بوون دان بە فەرمانڕەوایی غەساسنەکان دابنێن و ڕێککەوتنی سیاسی و سەربازییان لەگەڵدا مۆربکەن (الجميلى، 2016، ص: 48)، بێگومان ئەوەش دان پیانانە بە حوکمڕانی غەساسنەکان و پێدانی ڕەوایەتیە بە شەرعیەتی دەسەڵاتیان.

هەرچی میرنشینی معینە، ئەوا بە هەمان شێوە توێژەران و زانایان بیروڕای جیاوازیان هەیە لەسەری، بەشێکیان مێژووی ئەم میرنشینە دەگەڕێننەوە بۆ هەزارەی سێیەم یان دووەمی پێش زایین، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەپێی مێژووی نووسینی معینیەکان سەرەتای دروست بوون و لەناوچوونی میرنشینەکە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی 1500 – 1200 تا 700ی پێش زایین، هەندێکی تریش مێژووی دروستبوونی

میرنشینەکە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی 1120 تا 630ی پێش زایین. هەندێک زاناش وای بۆ دەچن، کە ئەم میرنشینە مێژوویەکی ئەوەندە درێژی نییە، بەڵکو لە دەوروبەری ساڵانی 500 یان 400ی پێش زایین دامەزراوە و لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پێش زایین کۆتایی هاتووە (سلیم، برکات، 2001، ص: 88). زۆربەی بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوەن کە 22 میر حوکمی ئەو میرنشینەیان کردوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 3) (نیلسن و هومل، 1958، ص ص 270 – 271 ؛ شرف الدین، 1964، ص: 56-57).

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی، میرنشینی معین یەکەم میرنشینی باشووری دوورگەی عەرەبییە و لە ئەنجامی یەکگرتنی هەر سێ هەرێمی قرناو، یثل و نشن وەک پێویستییەکی گرنگی سەردەم دامەزراوە، ئامانجی سەرەکی ئەم دامەزرانەش بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی بازرگانی و ڕامیاری ناوچەکە بووە لەژێر دەسەڵاتی مرنشینێکی خاوەن هێز (الجرو، 2003، ص: 245).

سەرەڕای ناڕوونی مێژووی ناوچەکە لەو سەردەمدا، بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر معینەکان لەبەردەستە ، ئەمەش بەهۆی ئەو نەقش و هەڵکۆڵینانەی، کە لە باکووری وڵاتی یەمەن لە نزیك شاروچکەی معین لە نێوان هەردوو ناوچەی نجران و حەزرەموت بەجێیانهێشتوە، ناوچەکەش بە خورما و جۆرەکانی دار و شوانکارەیی بەناوبانگە، کە ساڵانە بارانێکی زۆری لێدەبارێ، لە سێ لاوە بە چیا دەورە دراوە و پارێزگاری لە ژینگەی ناوچەکە دەکات، ئەمانە هەموو هۆکاری لەبارن بۆ دروست بوونی شارستانییەتێک لە یەمەنی کۆندا، هەروەها پاڵپشتێکە بۆ مانەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی (مهران، 1998، ص: 213).

## دووەم: لایەنی جوگرافیای مێژوویی هەردوو میرنشین

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە غەساسنە، ئەوانە یەکێك بوون لە ڕەگەزەکانی هۆزی الأزدی، کە ڕاستەوخۆ کۆچیان نەکردووە بۆ وڵاتی شام بەڵکو چوونەتە تهامەی یەمەن لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سوور و لەوێ زاڵبوون بەسەر بنی عك دواتر ڕۆیشتوونەتە باکوور، تهامەیان بەجێهێشتووە بۆ وولاتی حیجاز و بەرەو کەناری مەککە ڕۆیشتوون، کە لەلایەن جورهەمەوە بەڕێوەدەبرا و شەڕیان کردووە لەگەڵ جورهەمەکاندا، پاشان بڵاوەیان لێکردووە لە ناوچەکەدا (الجمیلی، 2016: ص: 48).

پاشان غساسنەکان لە شامدا گیرساونەتەوە و میرنشینێکیان پێکهێنا وەکو ئەوەی خمینییەکان لە حیرە پێکیانهێنا، ڕەچەڵەکناسانەکان باس لەوە دەکەن، کە غساسنەکان بنەچەکەیان لە یەمەنەوە هاتووە و فەرمانڕەوایەتیەکان درێژبۆتەوە بۆ ناوچەکانی حوران و بلقا. پێدەچێت بنکەی فەرمانڕەوایەتی جێگیریان نەبووبێت، هەندێکات وا لێکدەدرێتەوە لە وتەی شاعیرانەوە، کە لەناوچەکانی جولان و جابیە پایتەختیان هەبووە، هەندێکاتی تریش باس دەکرێت پایتەختیان لە جلق بووە لە نزیکی دیمەشق (امین، 1933، ص:21)، بۆماوەیەکی زۆر تێیدا مانەوە و شار و ئاوەدانی و کۆشك و قەڵایان تێدا بنیادنا پایتەختەکەشیان بوسرا بووە لە حوران، ئیتر شارستانیەتێکیان بنیاتناوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 4 و 5) (زیدان، 1922، ص: 184).

هەرچەندە سنووری جوگرافی ئەو میرنشینانە بەردەوام لەگۆڕاندا بووە بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و هاتنە سەر حوکمی میرەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سنووری دەسەڵاتی غەساسنە بریتی بوو لە ناوچەکانی سوریا و فەلەستین و لوبنان (علی، 1993، ص: 440).

لە لایەکی تر ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە سەرچاوەکانی زانیاری سەبارەت بە میرنشینی معین، ئەوا سەرچاوەکان چڕ دەبنەوە لەسەر ئەو نووسینانەی، کە معینییەکان خۆیان بۆیان بەجێ هێشتووین، لەگەڵ نووسینی سەرچاوە کلاسیکییەکانی وەك دیودروسی سەقلی و سترابۆ و بلینی. دیودروسی سەقلی و سترابۆ دەڵێن پایتەختی ئەم میرنشینە قرناوە، میرنشینەکەش دەکەوێتە باکووری سەبأ و قتبان و ڕۆژئاوای حەزرەموت، بەڵام بلینی دەڵێ: (ئەم میرنشینە دەکەوێتە سەر سنووری حەزرەموت)، هەرچی لە سەرچاوە عەرەبییەکانە ئەوا ناوی میرنشینی معین ناوی نەهاتووە بەڵکو وەك ناوچەیەکی چۆڵ ئاماژەی پێکراوە (الشیخ، 2003، ص: 75).

سنووری ئەم میرنشینە لە نەجران و حەزرەموت درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سنووری بەرزاییەکانی حیجاز و باشووری فەلەستین (شرف الدین، 1964، ص: 59). بەگشتی سنووری جوگرافی میرنشینی معین درێژ دەبێتەوە تا کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست و کەنداوی فارسی (غسان، 1976، ص: 82).

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەخشە و هەڵکەوتەی جوگرافی و ستراتیژیەتی ڕامیاری میرنشینی غەساسنە و میرنشینی معین (بڕوانە نەخشە ژمارە 1).

## تەوەرەی دووەم/ دیوە لێکچوو و لێکنەچووەکانی هەردوو میرنشین لەڕووی دەستپێکی حوکم و ژیانی ڕامیاری

بێگومان میرنشینەکانی باکووری نیمچە دوورگەی عەرەب مێژووەکەیان نوێترە لە میرنشینەکانی باشوور، چونکە میرنشینەکانی باکوور لە ئەنجامی کۆچی عەرەبە بەدوەکانی باشوور بەهۆی چەند ڕووداوێکی سروشتی و مرۆیی و بە هاوکاری ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆمانی و فارسی دروست بوون، ئەم کۆچەی عەرەبە بەدوەکانی باشوور بووە هۆی ترسی بەزاندنی سنوورەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و فارسی، کە ئەمەش دەبووە هەڕەشە بۆ سەر ڕێگا بازرگانی و سەربازییەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەت، بۆ ئەمەش بە ناچاری هەر یەکێك لەم دوو ئیمپراتۆریەتە پشتگیریان لەهەندێ هۆزی عەرەب دەکرد بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و ئاسایشی سنوورەکانیان بە پارێزراوی بهێڵنەوە.

فارسەکان چەند هۆزێکیان خستە پاڵ خۆیانەوە لەوانە هۆزەکانی لەخمی و مەنازرە، لە بەرامبەردا ڕۆمانەکانیش هۆزەکانی بەنی سلەیح و بەنی غەسانیان لەخۆ گرت (مهران، 1998، ص: 561).

کاتێك دەگوترێت غەساسنە بەو مانایە نایەت، کە ئەوەی یەك باوك بن، بەڵکو ئەوانە چەند خێل و تیرە و هۆزێك بوون لە نزیك ئاوی غەسان نیشتەجێ بوون، هەر بۆیە ئەو ناوەیان لێنرا، کەواتە (ئەوان هاوپەیمانیەکی خێلەکی بوون و شوێنی نیشتەجێ بوون کۆی کردبوونەوە، پاشان لە وولاتی شام نیشتەجێ بوون و لە چەند تیرە و هۆزێك پێکدەهاتن)، ئەم هۆزە یەکگرتووانە، توانیان میرنشینێك دابمەزرێنن لە ژێر فەرمانڕەوایەتی پاشاکانی آل جفنة و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی کردنیشیان پشتاوپشت بووە (الملاح، 2012، ص: 356).

زۆربەی توێژەرانی مێژوو، مێژووی بە دیارکەوتنی غەساسنە لەناوچەی شام دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی زایینی، هەروەها یەك پاشایان هەبووە بەناوی جبلة بن الحارث لەم بارەیەوە مێژوونووس ثیوفانس باسی ئەم پاشایەی کردووە، کە لەدەوروبەری ساڵی 500ز ناوچەی فەلەستینی داگیرکردووە، لەلایەن ڕۆمەکانیشەوە

بە کەسایەتیەکی گەورە و بەرز ناسراوە. مێژوونوسی سریانی ملالا ئاماژە بەوە دەکات، کە گومانی تێدا نییە الحارث بن جبلة یەکێکە لە پاشا بەناوبانگەکانی بنەماڵەی جفنە و بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەی دادەنرێت (نولدکە، 1933، ص: 8-9).

لە ڕاستیدا الحارث بن جبلة لەو کاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست خاوەنی توانا لێهاتوویەکی زۆر بوو لە مەیدانی جەنگدا، ملالا باسی دەکات و دەڵێت: (لە مانگی نیسانی ساڵی 528ز توانی لە جەنگێکدا سەربکەوێت بەسەر المنذری پاشای حیرە ئەم جەنگەش دەستکەوتێکی گرنگ بوو لەسەرەتای گرتنە دەسەڵاتی) (الملاح، 2012، ص: 361).

دوای بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنانە لە ساڵی 563ز حارث بن جبلە بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە قوستەنتینیە و لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پێشوازی لێکرا، مەبەستی سەردانەکەی ڕازی کردنی ئیمپراتۆر بوو بە دانانی کوڕەکەی لە دوای خۆی، هەروەها ڕێگەدان بە ڕێبازی ئایینی یەعقوبی، کە مەزهەبی عەرەبەکان بوو تا لە ناوچەی سنوری خۆیان بە ئازادانە بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا دژی مەزهەبی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بوو، لەکۆتاییدا لە هەوڵی ڕازی کردنی ئیمپراتۆر ثیودۆر سەرکەوتووبوون ( سالم، ب.ت، ص:231).

دوای کوژرانی پاشای حیرە لە (ڕووداوی حلیمە) هێشتا شوێنەواری مەترسی تۆڵەسەندنەوە مابوو لەلایەن کوڕەکانی المنذر بن ماء سماء بۆیە حارث لەلایەنی سەربازی باسی نەخشە و پلانێکی کرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پاشماوەی دەسەڵاتدارانی حیرە بۆ سەر وڵاتەکەیان (امین، 1933، ص: 22).

دوای چل ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی کردن حارث بن جبلە لەساڵی 569ز کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆیشی کوڕەکەی بەناوی المنذر بن حارث دەسەڵاتی گرتە دەست. لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی دەڕۆیشت، بەڵام هەر زوو پاشای المناذرە ئەم ڕووداوەی بە دەرفەتزانی و هێرشی کردە سەر المنذر بن حارث، بەڵام المنذر توانی سەربکەوێت بەسەر پاشای المناذرە و سوپایەکەیانی تێکشکاند، ئەم شەڕە لەناوچەی عین أباغ بوو هەر بەم ناوەش ناسرا، کە لە ساڵی 570ز ڕوویدا (العلي، 1955، ص: 46).

دوای ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیهێنا لەدژی هاوپەیمانەکانی فارس، المنذر باوەڕی وابوو شایستەی ڕێزو بەخششە، نوسراوێکی ئاڕاستەی یوستینی دووەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کرد، تاوەکو بڕێك ئاڵتونی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی مووچەی سەربازەکانی پێ بدات، لە بەرامبەردا ئیمپراتۆر زۆر توڕە بوو لەم هەڵوێستەی المنذر، چونکە دەگوترێت عەرەبەکان دەستەکەوتی زۆریان لەشەڕ کۆکردۆتەوە و پێویستیان بە یارمەتی نییە. دواتر هەوڵیدا لە ڕێگای فێڵێك المنذر بکوژێت، کاتێك المنذر بەمەبەزانی هەڵوێستی خۆی گۆڕی و لەگەڵ سوپاکەی ڕوویان لەناوچەی بیابان کرد و پشتیان لە هاوپەیمانی ڕۆمەکان کرد (الملاح، 2012، ص: 366).

لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا بۆشایی سیاسی لە سوریا دروست بوو، هاوپەیمانانی فارسەکان بە خێرایی هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی غساسنە تا گەیشتنە قوڵایی ئەنتاکیا، تاڵان و کوشتارێکی زۆریان کرد، ((بە هۆی توڕەیی دەسەڵاتدارانی غساسنەکان و بەمەبەستی پیشاندانی گرنگی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بەرامبەر بێزەنتیەکان هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو بەرامبەر ئەو تاڵانکارییە، دوای نوێکردنەوەی هاوپەیمانییەکەیان غساسنەکان هێرشێکی لەناکاویان ئەنجامدا بۆ سەر حیرە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە و پیشاندانی دەسەڵاتیان بۆ بێزەنتیەکان)).

ئینجا ئیمپراتۆری ڕۆم گرنگی هاوپەیمانی و مانەوەی غساسنەکانی بۆ بەدەرکەوت، بۆیە چەندینجار هەوڵیدا نامەی ئاشتەوایی بنێرێت بۆ سەربازگەی المنذر لە بیابان، بەڵام هەوڵەکانی سەرینەگرت تا دوای سێ ساڵ، لە کۆتاییدا المنذر ڕازی بوو بگەڕێتەوە و دووبارە بیبێتەوە هاوپەیمانی ڕۆمەکان، ئینجا هێرشێکی لەناکاوی کردە سەر ناوچەی حیرە و تۆڵەی زیانەکانی پێشووی کردەوە (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ململانێ و کێشمە کێشمی نێوان غەساسنە لەگەڵ هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی فارسی و ڕۆم بڕوانە نەخشەی ژمارە 2). .

لە ساڵی 580ز ئیمپراتۆری ڕۆم طبریوس پێشوازییەکی گەورەی لە المنذر بن حارث کرد و کۆمەڵێك دیاری پێبەخشی و گشت داواکارییەکانی جێبەجێ کرد، لە ڕێوڕەسمێکدا تاجی شاهانەی لەسەر کرد، کە ئەم کارە بۆ هیچ فەرمانڕەوایەکی عەرەبی نەکرابوو لەپێشتردا (پیغولیفسکیا، 1964، ص: 244 -247).

ماوەی زۆری فەرمانڕەوایی کردنی پاشاکانی غساسنەکان بەڵگەیە لەسەر بەهێزیان، کاتێك فارسە ساسانیەکان سوریایان لە 613ز داگیرکرد دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی ال جفنة داو بەشێك لە میرەکانیان هەڵاتن بۆ وڵاتی ڕۆمەکان، بەشەکەی تریش پەنایان بردە بەر قوڵایی بیابانەکان.

کاتێك هرقل لە ساڵی 629ز فارسەکانی لە سوریا دەرکرد، دووبارە دەسەڵاتی بۆ غساسنەکان نەگەڕاندەوە، بە پێچەوانەوە سنوری سوریای باشور بە کراوەیی مایەوە، بەمەش ڕێگا خۆش بوو تاکو هەندێ لە هۆزەکان هەڵبکوتنە سەر ڕێگا بازرگانیەکان بەبێ هیچ بەربەستێك (العلي، 1955، ص: 50).

مێژوونووسان پێیان وایە عەرەبە غساسنەکان دوای ئەو ڕووداوەی، کە باسکرا پەرت و بڵاوبوون و دابەش بوون بەسەر دە گروپ، بۆ هەر گروپێکیش سەرۆکێك هەبوو، هەندێکیان ناوچەکانی خۆیان چۆڵ کرد و کۆچیان کرد بۆ عێراق، هەندێکی تریشیان پەرت و بڵاو بوون، لەکۆتاییشدا هیچ شتێکیان بۆ نەمایەوە، دواتر ئەمە وایکرد، کە ڕۆمەکان بیر لەوە بکەنەوە پادشایەکی نوێ بۆ غساسنەکان دابنێن لەبری پادشا المنذر بن حارث. زانیارییەکان دەربارەی ناوی پادشاکانی غساسنە لە دوای المنذر جیاوازییەکی زۆریان هەیە بەڵام هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە ئەو پادشایانەی دوای المنذر هاتوون لاوازبوون و ماوەی فەرمانڕەوایەتی کردنیشیان کەم بووە ( النعيمات، 2005، ص: 48). بێگومان جیاوازی و زۆری ناوەکانیش بۆ پەرت و بڵاوی میرنشینەکە دەگەڕێتەوە، کە لە یەک کاتدا لە چەند شوێنێک چەند دەسەڵاتدارێک حوکمیان کردوە.

هەرچی دەربارەی حوکم و بنەماڵەی حوکمڕانی معینەکانە، ئەوا پێنج بنەماڵە حوکمی ئەم میرنشینەیان کردوە، هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەك ناوی فەرمانڕەوا سەرەتاییەکانی ئەم میرنشینەی نەبردووە، بەڵام ئەوە دەزانرێت، کە دەسەڵاتەکەیان لەسەر بنەمای ئایینی دامەزراوە و نازناوی مزودیان بۆ خۆیان داناوە، ئەمەش بە واتای ئەو کەسەی، کە پەرستنی زۆر یان پەرستگا و قوربانی زۆر دەکات، یاخود ئەو کەسەی خێری زیاتر دەهێنێت بۆ وڵات (سليم، بركات، 2001، ص: 89)، هەرچەندە توێژەران و زاناکان لە ڕێگای گەڕیدە و نێردراوە زانستییەکان توانیان بگەنە ناوی ژمارەیەك لە فەرمانڕەواکانی ئەم میرنشینە، بەڵام هەندێکیان تا ئێستاش جێگای گفتوگۆ و ڕای جیاوازە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- ڕێکنەکەوتنی زاناکان بەسەر ماوەی حوکمڕانی میرنشینەکە لە دروستبوون و

لەناوچوونی.

2- نووسراوی معینییەکان بەجێماوە بەڵام هیچ ڕێکەوت و مێژوویەکی لەسەر نییە، ئاماژە بە هیچ ساڵنامەیەك نەکراوە، ئەمەش وا دەکات، کە هیچ ماوەیەکی زەمەنیان بۆ ئاشکرا نەکات تا ببێتە سەرچاوەی زانیاری ماوەی حوکمی فەرمانڕەواکانیان، چ لەسەر ئاستی فەرمانڕەوای تاك، چ لەسەر ئاستی فەرمانڕەوایی بنەماڵە.

3- هەر لەبنەڕەتدا نووسراوەکان کەسیی و تایبەتین زیاتر لەوەی، کە نووسراوی ڕامیاری بن، بۆیە گرانە بۆ توێژەران بتوانن ڕێککەون لەسەر لیستێکی جێگیری فەرمانڕەواکان و ماوەی حوکمییان (مهران، 1998، ص: 223).

شێوازی حوکم لە میرنشینی معین بریتی بوو لە شێوازی پاشایەتی پشتا و پشت، لە سەرەوەی هەرەمی حوکم دەسەڵاتدارێك هەبووە بە ناسناوی پاشا، لە نووسراوەکانی معینی دەردەکەوێت کەوا شێوازی حوکم پاشایەتییەکی ڕەها نەبووە، کە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پاشا کۆبووبێتەوە، بەڵکو حوکم کردن بە شێوازی ڕاوێژ بووە لەگەڵ ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری، کە هاریکاری پاشا بووە بۆ حوکم، ئەم ئەنجوومەنەش پێکهاتبوو لە کەسە نزیکەکانی پاشا و پیاوانی ئایینی و گەورەی هۆزەکان و سەرکردەی شارەکان، لەم گۆشەوە بە ڕەزامەندی هەمووان بڕیارەکان دراون و بە شێوازی مەراسیم و بۆنەی تایبەت بەناوی خواکانی معین بڵاوکراونەتەوە، کە تیایدا ئاماژە بەناوی پاشا کراوە و بەشێوەی نووسراو ڕاگەیەنراوە. هەموو شارێکیش لە میرنشینی معین حکومەتێکی بچووکراوەی تایبەت بە شارەکە هەبوو (الجنابي، 2012، ص: 1).

پاشاکانی میرنشینی معین چەندین ناسناوی تایبەتیان بۆ خۆیان دادەنا وەک صدق بەمانای ڕاستگۆ یان دادپەروەر، یشور بەمانای ڕاسترەو یان ڕێگای ڕاست، ریام بەمانای بەرز، یطوع بە مانای دڵسۆز، نبط بە مانای ڕووناکی، وقة بە مانای گوێڕایەڵ و یبش بە مانای خۆبەلزان (محمد، 2009، ص: 30)، شانبەشانی پاشا ئەنجوومەنی ڕاوێژیش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەم میرنشینە، کە بەردەوام کۆدەبوونەوە بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتەکانی باج و پشتگیری کردن یان ڕەتکردنەوەی پەیماننامەکان و بارودۆخی جەنگ و ململانێکان، بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی وڵاتیش، لە هەر شار و هەرێمێک ئەنجوومەنێکی تر هەبوو، کە سەرکردایەتی شارەکان و هەرێمەکانییان دەکرد و بە ناوەند بەسترابوونەوە، لەم میرنشینەدا چەند فەرمانبەرێکیش هەبوون، کە پێیان دەگووترا کبر یان کبیر بە واتای گەورە، یان آل، کە دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادە، کار و پیشەی ئەم فەرمانبەرە بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەری و کۆکردنەوەی باج و بەڕێوەبردنی پڕۆژە گشتییەکان لە هەرێم و شارەکانی خۆیان (سلیم، برکات، 2001، ص: 89).

## تەوەرەی سێیەم/ بەراوردکردنی هەردوو میرنشین لەڕووی پەیوەندییە دەرەکییەکان و کۆتاییان

پەیوەندییە دەرەکییەکانی میرنشینی معین لەگەڵ ناوچە و وڵاتەکانی دەوروبەر لەسەر دوو جۆر پەیوەندی وەستاوە، یەکەمییان پەیوەندی بازرگانی، دووەمیشییان بریتییە لە پەیوەندی ڕامیاری.

معینییەکان بەوە بەناوبانگ بوون، کە ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگییان هەبوو لە بازرگانی کردن لەگەڵ باکوورییەکان، لەم نێوانەشدا باشترین دەقی معینی بەجێماوە، کە بە نەقشی جلاسر ناسراوە، بابەتی سەرەکی ئەم دەقە بریتییە لە باسکردنی گەڕانەوەی کاروانێکی گەورەی بازرگانی معینییەکان بەسەلامەتی لە وڵاتی مصرەوە بۆ پایتەختی معین قرناو، ئەم جۆرە کاروانانەش بۆ ئەم کات شێوازێکی سەربازی بەخۆوە دەبینی لە پڕ چەکی و چەکدار بوونی پیاوانێك شانبەشانی کاروانەکە بە مەبەستی پارێزگاریکردنییان لە هەر هێرش و مەترسییەک، کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە (سلیم، برکات، 2001، ص: 90). لەبەر ئەوەی قرناو ڕێگای سەرەکی کاروانە بازرگانییەکان بوو، گرنگییەکی زۆری بەخشیبووە میرنشینەکە و ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەوروبەر (الجرو، 2003، ص: 67).

هەرچی غەساسنەکانە ئەوا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ ڕۆمە بیزەنتییەکاندا، ئامانج لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لەلایەن ڕۆمەکان بۆ ئەوە بوو، کە ببنە بەربەست لەبەردەم ئەو هێرشانەی، کە فارسە (ساسانییەکان) لەڕێگەی المناذرەکان دەیانکردە سەر سنوورەکانیان، دەسەڵاتدارانی ڕۆمیش بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکانیان خۆیان داوەتە پاڵ ناوچەکانی سنوری غەساسنەکان، تاوەکو لە شەڕی فارسەکان پارێزراو بن، هەندی جاریش غەساسنەکانیشیان هاندەدا کەوا دژی فارسەکان شەڕ بکەن و بەکاریان بهێنن لە شەڕەکاندا، جگە لەوەی غەساسنەکان باجیان کۆدەکردەوە لەو هۆزە عەرەبیانەی، کە نزیك بوون لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمە بیزەنتیەکانەوە (مهران، 1998، ص: 562).

هەرچی سەبارەت بە هۆزەکانی شوێنکەوتووی میرنشینی غەساسنەیە، ئەوانیش لەکاتی بەهێزبوون و لاوازبوونی غەساسنەکاندا گۆڕانکاری بەسەر گوێڕایەڵیان بۆ فەرمانەکانی غەساسنەدا دەهات، هەندێ لە هۆزە عەرەبییەکانی وەکو تنوخ، کە لە وڵاتی شامدا نیشتەجێ بوون و خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، زیاتر شارستانی بوون لەوانی تر، هۆزێك بوون لە دەرەوەی دەسەلاتی غەساسنەکان، بۆیە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە سنوورەکانیان و سوود وەرگرتن لە قەڵایەکانیان ئەم هۆزانەیان بەکارهێناوە (النعیمات، 2012، ص:69).

کاتێك منذر بن حارث سەردانی قوستەنتینیە دەکات داوای هاوکاری لە ڕۆمەکان دەکات بۆ بنیاتنانی کۆشکێك، کە گەورەترین کۆشکی غەساسنی بووە، کە تا ئەوکاتە دروست کرابێت، هەروەها داوای باشترین تەلارساز و وەستا شارەزاکانی ئەو سەردەمەی کرد بۆی بنێرن، بیزەنتینەکانیش وەڵامی داواکارییەکەی دەدەنەوە و یارمەتی دەدەن بەوەی، کە پێویستیەتی. ئەوەی لەم کۆشکە دا ماوەتەوە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا ناسراوە بە تەلاری البرج. هەروەها ناوی ئەم پادشایە دۆزراوەتەوە، کە لەسەر بەردێکی ئەم تەلارەدا نوسراوە (علی، 1993، ص: 415).

شەڕ و ناکۆکی نێوان هەردوو بنەماڵەی عەرەبی غەساسنە و مناذرە لەسەر کێشەی زەوی و زار و سنوری نێوانیان وای کردبوو ناوچەکەیان ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت، لەلایەکی تریشەوە پاشای (حیرە) خۆی بەسەرداری بنەماڵە عەرەبەکان دەزانی، بۆیە داوای باج و سەرانەی لە غەساسنەکان دەکرد، ئەوەبوو لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 554ز لە شەڕێك بەناوی (قنسرین - Chalcis) لەناوچەی الحیار، پاشای غەساسنە حارث بن جبلة سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلایی کەرەوەی بە دەستهێنا، ئەویش بە کوژرانی کۆتا پاشای حیرە بەناوی المنذر کۆتایی هات. هەرچەندە لەم شەڕەدا یەکێك لە کوڕەکانی خۆشی کوژرا (نولدکە، 1933، ص: 19).

ئیبن ئەسیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەم شەڕە بە یەکێك لە ناودارترین شەڕەکانی عەرەب دادەنرێت، کە ناسراوە بە (یوم حلیمە - ڕۆژی حلیمە) یەکێك لەوتاردەرەکانی غەساسنە شانازی پێوە دەکات و دەڵێت:

يوم وادى حليمة و از دلفنا | بالعناجيج و الرماح الظلماء

اذ شحنا اكفنا من رقاق | رق من وقعها سنا السحناء

و اتت هند بالخلوق الى من | كان ذا نجدة و فضل غناء

و نصبنا الجفان فى ساحة المرج | فملنا الى جفان ملاء

بێگومان ناوی حەلیمەش بە یەکێك لە ناوی کچەکانی پاشای غەساسنە دادەنێت (ئیبن ئەسیر، 2010، ل: 624-625).

لەلایەکی ترەوە نولدکە بە پێچەوانەی ئیبن ئەسیر، ڕەتی دەکاتەوە ناوی حلیمە کچی پاشای غەساسنەکان بێت، بەڵکو دەڵێت ناوی شوێنێکە (نولدکە، 1933، ص: 20).

لەلایەکی ترەوە لەماوەی فەرمانڕەوایەتی حارث بن جبلة غەسانی لە نێوان ساڵانی 528 بۆ 569ز شەڕێك ڕوودەدات لەگەڵ پاشای حیرە بەناوی منذری سێیەم، کە تێیدا پاشای غەساسینەکان سەردەکەوێت، بۆیە ئیمپراتۆری ڕۆم جستنیان هەڵدەستی بە پێدانی نازناوی پاشا، ئەم نازناوەش بیزەنتینەکان پێشتر نەیاندابوو بە هیچ یەکێك لە کاربەدەستەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی غەساسنە، چونکە ئەم نازناوە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەبووە، کە تایبەت بووە بە قەیسەرەکانی ڕۆمەوە. بەڵام جستنیان جگە لەم ناوە نازناوی تریشی پێداوە وەك بطریق ، سید القبیلة، فیلار خوس ( سلیم، برکات، 2001، ص: 218).

ساڵی 563ز، حارث دەچێتە لای جستنیان بۆ قوسطنطینیە، ئەم سەردانەی کاریگەرییەکی زۆر دروست دەکات لە ناخی پیاوانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینی و ئەوانەی بە دەوری ئیمپراتۆر بوون، وەکو کەسێکی عەرەبی خاوەن ترس سەیر دەکرا، هەروەها بە شێوازێکی زۆر پاڵەوانانە و ڕێزی زۆر پێشوازی لێ دەکرا ( سلیم، برکات، 2001، ص: 220).

لەسەردەمی منذر بن حارث پەیوەندییەکانی نێوان غەساسنە و قەیسەری ڕۆم جستینان تێکچوو بەهۆی جیاوازی مەزهەبەکانیان، بۆیە مناذرەکان ئەمەیان بەهەلزانی و دەستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچەی شام و ترسیان خستە ناو دانیشتوانی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ڕۆمەکانەوە، ئەمەش وایکرد، کە قەیسەری ڕۆم نامەی ئاشتەوایی بنێرێت بۆ منذر بن حارث و پەیماننامەیەکیشی لەگەڵ ببەستێت، (الشیخ، 2003، ص: 162).

سەبارەت بە کۆتایی پەیوەندییەکانی غەساسنە و بێزەنتینەکان لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا هاتووە، کە غەساسنەکان یەکێك بوونە لە هەرە سەرسەختترین ڕووبەڕووبوەکانی سوپای ئیسلام لەوێدا باس دەکرێت، کە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی هرقل پشتی بە کۆتا پادشای غەساسنەکان، کە جبلە بن الأیهم بووە بەستووە بەسەرکردایەتی دوازدە هەزار شەڕکەر لە هۆزە عەرەبیە مەسیحییەکان لە وڵاتی شام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئیسلام لەشەڕی یەرموك لە ساڵی 626ز، وەك دەردەکەوێت دوای سەرکەوتنی موسڵمانەکان لەو جەنگەدا هۆزە عەرەبییەکان بە تایبەتی غەساسنەکان بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبینیەوە، کە خۆیان بدەنە پاڵ موسڵمانەکان، بەمشێوەیە کۆتایی بە هاوپەیمانی نێوان غەساسنەکان و بێزەنتینەکان هات، کە بۆماوەی زیاتر لە چوار سەدە بەردەوام بوو.

جبلة بن الأیهم موسڵمان بوو لەسەردەمی عمری کوڕی خطاب، بەڵام دوای ئەوەی زانی ئیسلام وەکو هەر موسڵمانێکی تر هەژماری دەکات وهیچ جیاوازییەکی نییە هەڵات بۆ ژێردەستی بێزەنتییەکان و بوو بە مەسیحی (النعیمات، 2012، ص:64).

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پەیوەندی ڕامیاری میرنشینی معین لەگەڵ دەوروبەر ئەوا دەبینین کێشە و ململانێی ڕامیاری کەوتۆتە نێوان میرنشینی معین و میرنشینی سەبەء، هۆکاری ئەو ململانێ ڕامیارییانەش بریتی بووە لە کێبڕکێی هەردوو میرنشین لەسەر دەستگرتن بەسەر ڕێگا بازرگانییەکانی ناوچەکە (مهران، 1998، ص: 218)، نەقشێکی ناسراو هەیە لەشاری (ئیل)، تیایدا ئاماژە بەناوی معین، ناوی خواوەندەکانی، ناوی پاشاکانی معین و ناوی میرنشینی سەبەء و پاشاکانی دەکات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەربەخۆیی و هەبوونی دەسەلاتی معین شانبەشانی سەبەء، هەروەها لەم نەقشەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە سەبەئییەکان مەڵبەندێکی بازرگانییان بنیاتناوە لەشاری (ئیل)ی معین، جگە لەمانە لەم نەقشەدا هاتووە، کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین، پێکدادانی چالاکی بازرگانی لەنێوان بازرگانەکانی معین و بازرگانەکانی سەبەء هەبووە، کە ئەمە دەکەوێتە قۆناغەکانی کۆتایی مێژووی معین، ئەمەش وایکرد، کە چالاکی و هێزی سەبەئییەکان زیاد بکات لە معین و لە بەرامبەریشدا معین وردە وردە لاواز بێت تا دابەش بوو بۆ چەند حکومەتێکی خۆجێیی سەربەخۆ لە شارەکان، ئەمەش هێزی ناوەندی لاواز کرد و میرنشینی سەبەء توانی یەك لە دوای یەك ئەم شار و حکومەتانە لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە(سلیم، برکات، 2001، ص: 91-92).

معینییەکان لە باشووری نیمچە دورگەی عەرەب دەستیان بەسەر ئەو هێڵە بازرگانییە گەورەیەدا گرتبوو، کە دەکەوتە نێوان باشوور و باکووری ناوچە عەرەبییەکان، ئەو کات ئەم هێڵە بازرگانییە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ گواستنەوەی بوخور و بۆن لە باکوور لە غەزەوە تا دەگاتە مصر لە لایەك وە لە لایەکی ترەوە لە غەزەوە بۆ شام، لەبەر ئەوە هەڵسا بوون بە دامەزراندنی مەڵبەندێکی بازرگانی تایبەت بەخۆیان، کە نزیکەی (1000کم) دوور بوو لە یەمەن و هەموو ئەو وڵاتانەیان دەبڕی، کە دەکەوتنە سەر ڕێگا بازرگانییەکەیان، هەر لەڕێگای پەیوەندی و باڵادەستی بازرگانییەوە معینییەکان توانیان، هێز و دەسەلاتی ڕامیاری خۆیان وردە وردە بسەپێنن بەسەر ناوچەکانی باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی، تەنانەت توانیان دەسەلاتیان بگەیەننە باکووری حیجاز و توانیان چەند حکومەتێکی خۆجێیی دابمەزرێنن لە ناوچەکانی معان و العلا (هومل، فرتز 1958، ص: 63). بارودۆخ بە جۆرێک بوو، کە دەتوانین بڵێین لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا بەشی گەورەی بازرگانی جیهانی لە وڵاتانی عەرەبی لە دەستی معینییەکان و سەبەئییەکانەوە بوو، جگە لە بازرگانی خودی خۆیان معینییەکان باجێکی باشیان دەستدەکەوت لەو کاروانانەی، کە بە ناوچەکانی ئەواندا تێدەپەڕین (Mark, 2018, 2).

ئەم پەیوەندییە بازرگانییەی معین لەگەڵ جیهاندا بەرە بەرە زیاتر پەرەیسەند تا گەیشتە ئەو ئاستەی، کە سنووری وڵاتانی عەرەبی ببڕێ و بگاتە یۆنان، لە دوورگەی دیلوسی یۆنانی لە دەریای ئیجە نەقشێکی کۆن هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی پێش زایین، تیایدا ناوی خواوەند ود و خواوەندی معین براوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، هێڵی بازرگانی معین نیمچە دوورگەی عەرەبی بریوە بۆ مصر و لەوێشەوە بە ڕێگای دەریای ناوەڕاست بۆ دوورگەی دیلوسی یۆنانی، ئەمەش نەك لە ڕێگای بریکار و کەسانی ترەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ لەڕێگای بازرگانە معینییەکان ئەنجام دراوە (سلیم، برکات، 2001، ص: 90).

ئەم چالاکییە بازرگانییەی معین دەکرا ببێتە هۆی بەریەککەوتنی پاشاکانی معین لەگەڵ پاشا و دەسەلاتدارانی سوریا و ئاشووری لەسەر ڕێگای سەرەکی بازرگانی، بەڵام وا

دیارە دەسەڵاتدارانی سوری و ئاشووری گرنگییان بەو نشینگە بچووکە بازرگانییانە نەداوە لەسەر ئەم ڕێگایە بۆیە کارەکە بۆ معینییەکان ماوەتەوە (الشيخ، 2003، ص: 78).

یەکێک لە ڕووداوە ڕامیاری و سەربازییەکانی پەیوەندیدار بە میرنشینی معین، لە نەقشێك باس کراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشا اب یدع یثع، کە تیایدا باس لە جەنگێك دەکات لەنێوان میرنشینەکانی باکوور و باشوور، لە چەندین نەقشی دیکە پاشای معین سوپاسی خواوەندەکانی عثتر، ود و نکرح دەکات، لەبەر ئەوەی بوونەتە هۆی ڕزگار بوونی کاروانە بازرگانییەکان و دووربوونیان لە هەر زیان و لەناوچوونێك وە گەیشتنەوەیان بە قرناوی پایتەخت، لەبەر هەبوونی جەنگ و ململانێ لەناوچەکە (مهران، 1998، ص: 222-224).

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە میرنشینی معین زیاتر میرنشینێکی بازرگانی بووە زیاتر لەوەی سەربازی بێت، لەڕێگەی بازرگانیەوە پەیوەندیەکانی خۆی پەرەپێداوە، ئەم بازرگانیەش لەگەڵ وەهەرێم وڵاتانی مصر، فەڵەستین، ئاشور، فینیقی، سینا و ئەسینا بەردەوام بووە (محمد، 2009، ص: 31).

سەبارەت بە کۆتاییهاتنی میرنشینی معین لەڕووی سیاسیەوە ئەوا سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە میرنشینی سەبەء ووردە ووردە دەسەڵات و هەژمونی خۆی دەسەپێنی بەسەر شار و ناوچەکانی معین تا لەکۆتاییدا دەتوانێ تەواوی میرنشینی معین بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و دەسەڵات لە معینەکانەوە دەکەوێتە دەستی سەبەئیەکان (غسان، 1976، ص: 82). ئەم کۆتاییەش وەك سەرەتای دامەزرانی میرنشینەکە، باس و خواسی زۆری لەسەرە بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەناوچوونی میرنشینی معین دەگەڕێننەوە بۆ نێوانساڵانی 50 تا 25 پ.ز (علي، 1993، ص: 79).

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتینە ئەوەی، کە میرنشینەکانی باشوور سەربەخۆییەکی زیاتریان هەبووە بەراورد بە میرنشینەکانی باکوور، چونکە لەباکوور دوو ئیمپراتۆریەتی گەورە هەبوون ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی رۆمە بێزەنتییەکان و فارسە ساسانییەکان بوون، بەڵام لە باشوور ئیمپراتۆریەتێك نەبووە تا رێگر بێت لەوەی هێزێکی دیکە دروست بێت لە ناوچەکە و بەربەستێکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتیان.

لە زۆربەی کاتەکاندا میرنشینەکانی باشوور بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتر جەنگیان هەڵدەگیرساند، بەڵام لەناوچەکانی باکوور لەزۆربەی کاتەکاندا میرنشینەکان لەسەر داوای بێزەنتییەکان و ساسانییەکان جەنگیان ئەنجامداوە دژی یەکتر، کە مەبەست بریتی نەبووە لە فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی، بەڵکو بۆ خزمەتی دەسەڵات و هەژموونی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ساسانی بووە.

بە گشتی میرنشینەکانی باشوور لە پێشتر و کۆنتر بوون لە میرنشینەکانی باکوور، چونکە ناوچەکانی باشوور لەڕاستیدا لانکە و شوێنی لە دایك بوونی نەتەوە عەرەبییەکانە، بەڵام میرنشینەکانی ناوچەکانی باکوور لە بنەڕەتدا باشوورین و کۆچیان کردوە بۆ باکوور جا بەهەر هۆکارێکی سروشتی یاخود سیاسی بێت. بۆ نموونە غساسنەکان لە خێلی ئەلأزدی یەمەنی بوون لە ئەنجامی داروخانی بەنداوی مأرب کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی شام و تێدانیشتەجێ بوونە.

میرنشینەکانی باشوور تەمەنیانیشان درێژتر و سەربەخۆییەکی زیاتریان هەبوو لەچاو ئەوانەی باکورەوە، ئەمەش وای کردبوو، کە لایەنی شارستانی و سیاسی و بازرگانی کاریگەری و پاشماوەیەکی زیاتریان هەبێت.

هەردوو میرنشین پارێزگاریان دەکرد لە کلتوری کۆمەلایەتی و شێوازی حوکم لەناو خۆیان، سەرۆك هۆزەکان چ لە باشوور چ لە باکوور هەر سەرۆکی هۆز بوونە. ئەنجوومەنێکیشیان هەبوو لە کۆمەڵێك کەسانی بەتەمەن پێك دەهات بۆ ڕاوێژپێدانی فەرمانڕەوای مەملەکەتەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەردوولا شێوازی پشتاو پشتیان پەیڕەو دەکرد لەحوکمکردن.

لایەنی ئاینی جیاوازی لەنێوان هەردوو میرنشین هەبوو، معینەکان لەباشوور زیاتر بتپەرست بوون، خواوەندەکانی وەد، عثتر و نکرحیان پەرستوە، بەڵام غەساسنەکان لە باکوور بەهۆی نزیکیان لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانی و ساسانی ئاینی دیکەیان هەڵدەبژارد وەکو مەسیحیەت.

لە ڕووی ناسناوی پاشاکانەوە جیاوازی هەبووە لە ناونیشان و ناسناوەکان، یەکێک لە میرنشینەکان چەند ناسناوێکیان هەبووە، کە جیاواز بووە لە ناسناوی میرەکانی میرنشینەکەی دیکە.

بەگشتی سیمای سەردەمەکە جەنگ و ململانێ بووە، بەڵام معینەکان زیاتر بە کاری بازرگانیەوە خەریك بوونە و غەساسنەکانیش بە جەنگ و ململانێی سەربازی، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆسیاسی ناوچەکە بووە.

سەبارەت بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی هەردوو میرنیشین ئەوا جیاوازی هەیە، غەساسنەکان بەهۆی هاتنی ئیسلامەوە کۆتاییان هات و ناوچەکەیان هاتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، هەرچی معینەکانە ئەوا بەهۆی هاتنی سەبەئیەکانەوە میرنشینەکەیان کۆتایی هات.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

- امين، احمد (1933)، فجر الاسلام (في الحياة العقلية)، ج1، ط2، مطبعة الاعتماد، مصر.

- بيغوليفسكيا، نينا ڤكتورڤنا (1964)، العرب على حدود بيزنطة و ايران من القرن الرابع إلى القرن السادس الميلادي، ت.صلاح الدين عثمان هاشم، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، الكويت.

- الجرو، اسمهان سعيد (2003)، دراسات في التاريخ الحضاري لليمن القديم، دار الكتاب الحديث، اليمن.

- الجميلي، أحمد حسين (2016)، العلاقات الخارجية لدولة الغساسنة، دار أمجد، عمان.

- حسين، ميثاق عبيس (2020)، تاريخ مملكة كندة من خلال كتاب العرب على حدود بيزنطة و إيران من القرن الرابع إلى القرن السادس الميلادي للمستشرقة الروسية نينا فكتورفنا بيغوليفسكيا، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، مجلد10،عدد:4.

- زيدان، جرجي (1922)، العرب قبل الاسلام، ج1، ط2، مطبعة الهلال، مصر.

- سالم، السيد عبدالعزيز (ب.س.ط)، تاريخ العرب في عصر الجاهلية، دار النهضة العربية، بيروت.

- سليم، احمد امين، بركات، ابوالعيون (2001)، جوانب تاريخ و حضارة العرب في العصور القديمة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

- شرف الدين، احمد حسين (1964)، اليمن عبر التاريخ من قرن الرابع عشر قبل الميلاد الى القرن العشرين، ط2.

- الشيخ، حسين، (2003)، دراسات في تاريخ الحضارات القديمة(4) العرب قبل الاسلام، دار العرفة الجامعية، الاسكندرية.

- العلي، صالح أحمد (1955)، محاضرات في تاريخ العرب، ج1، مطبعة المعارف، بغداد.

- علي، جواد (1993)، المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، ج2، ج3، ط2، جامعة بغداد.

- غسان، زيد بن علي (1976)، تاريخ الحضارة اليمن القديم، الطبعة الاولى، المطبعة السلفية، شارع الفتح – الروضة.

- مهران، محمد بيومي (1998)، دراسات في تاريخ العرب القديم، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.

- النعيمات، سلامة (2012)، علاقة إمارة الغساسنة بالدولة البيزنطية خلال القرنين السادس و السابع الملاديين، المجلة الأردنية للتاريخ و الاثار، م6، عدد4، ص ص 36-66، الأردنية.

- نولدكه، ثيودور، (1933) امراء غسان، ت.بندلي جوزي، قسطنطين رزيق، المطبعة الكاثوليكية، بيروت.

- نيلسن، هومل (1958)، ديتلف، فرتز و الاخرون، التاريخ العربى القديم، ت: الدكتور فواد حسين على، مراجعه: الدكتور زكى محمد حسين، مكتبة النهضة المصرية – مطبعة لجنة البيان العربي، القاهرة، مصر.

- هومل، فرتز (1958)، التاريخ العرب القديم، ت: د. فواد حسنين على، مكتبة النهضة المصرية، مصر.

دووەم / سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

- ئیبن ئەسیر، عیزەددین (2010)، تەواوی مێژوو، و: زاهیر محمد رەشید، ب2، چ2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- الملاح، هاشم يحى (2012)، مێژووی عەرەب پێش ئیسلام، و. هۆشیار عبدالله سەنگاوی، دەزگای رۆژهەلات، هەولێر.

سێیەم / سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- Mark, Joshua J, (2,3,2008), Kingdom of Saba, Ancient History Encyclopedia Magazine.

چوارەم / نامە زانکۆییەکان

- محمد، مجتبى على ابراهيم (2009)، التنظيمات السياسية في بلاد العرب قبل الاسلام، اطروحة الدكتوراه مقدمة الى كلية الاداب في جامعة خرطوم – سودان.

- النعيمات، رهام فواز فارس (2005-2006)، صورة المناذرة و الغساسنة في الشعر الجاهلي، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الآداب - جامعة ال البيت، السعودية.

پێنجەم/ وێب سایتی ئینتەرنیت:

- الجنابى، قيس حاتم هانى (2012/12/6)، مملكه معين، جامعه بابل، http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=11&depid=2&lcid=32458

- مجلة المعرفة الالكترونية، 2022/6/20، https://www.marefa.org/%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AA%D8%AD_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%8A_%D9%84%D9%84%D8%B4%D8%A7%D9%85

-مقالة المعرفة الالكترونية، 2022/9/13، http://www.jordanheritage.jo/ghassanids-constructions-in-jordan.

پاشکۆ


لیستی میرەکانی میرنشینی غەساسنە کە زیاتر لە (600)ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کردووە

| ز | ناوی میر |
|---|---|
| 1 | جفنة بن عمرو المعروف بمزيقياء 45 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 2 | عمرو بن جفنة 5 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 3 | ثعلبة بن عمرو 17 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 4 | الحاريث بن ثعلبة |
| 5 | جبلة بن الحارث |
| 6 | الحارث جبلة |
| 7 | المنذر بن الحارث |
| 8 | النعمان بن الحارث |
| 9 | المنذر بن الحارث |
| 10 | جبلة بن الحارث |
| 11 | الابهم بن الحارث |
| 12 | عمرو بن الحارث |
| 13 | جفنة بن المنذر الاكبر |
| 14 | النعمان بن المنذر الاكبر |
| 15 | النعمان بن عمرو |
| 16 | جبلة بن النعمان |
| 17 | النعمان بن الابهم |
| 18 | الحارث بن الابهم |
| 19 | النعمان بن الحارث |
| 20 | المنذر بن النعمان |
| 21 | عمرو بن النعمان |

| | |
|---|---|
| 22 | حجر بن النعمان |
| 23 | الحارث بن حجر |
| 24 | جبلة بن الحارث |
| 25 | الحارث بن جبلة (ابن ابي شمر) |
| 26 | النعمان بن الحارث (ابو كرب) 37 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 27 | الايهم بن جبلة بن الحارث 27ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 28 | المنذر بن جبلة |
| 29 | شراحيل بن جبلة 25 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 30 | عمرو بن جبلة 10 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 31 | جبلة بن الحارث 4 ساڵ فەرمانڕەوایی |
| 32 | جبلة بن الايهم 3 ساڵ فەرمانڕەوایی |

پاشکۆی ژمارە (1)

لیستی میرەکانی میرنشینی غەساسنە (علی، 1993، ص ص: 446 – 447)




پاشکۆی ژمارە (2)

ڕەگەز و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی آل جفنة (بیغولیفسكيا، 1964، ص: 255)

لیستی میرەکانی میرنشینی معین

| ز | ناوی میر |
|---|---|
| بنەماڵەی یەکەم/ بنەماڵەی اليفع کە پێکهاتوون لە | |
| 1 | اليفع يفيس |
| 2 | اليفع ياسر |
| 3 | اليفع يثع |
| 4 | اليفع ريام |
| بنەماڵەی دووەم/ بنەماڵەی وقة کە پێکهاتوون لە | |
| 5 | وقة آل يثع |
| 6 | وقة آل نبط |
| 7 | آل صديق |
| بنەماڵەی سێیەم/ بنەماڵەی اب يدع کە پێکهاتوون لە | |
| 8 | آل ريام |
| 9 | اب يدع يثع |
| 10 | اب يدع ريام |
| 11 | حفن اب يدع ريام |
| بنەماڵەی چوارەم/ بنەماڵەی يثع آل صديق کە پێکهاتوون لە | |
| 12 | يثع آل صديق |
| 13 | يثع آل ريام |
| بنەماڵەی پێنجەم/ بنەماڵەی كرب کە پێکهاتوون لە | |

| | |
|---|---|
| 14 | خال كرب صديق |
| 15 | هوفعت بن اليثع ريام |
| 16 | خال كرب |
| 17 | معدى كرب بن اليفع يثع |
| 18 | يثع كرب بن آل ريام |
| 19 | ابو كرب |
| 20 | ام يثع ابو كرب |
| 21 | يثع كرب |
| 22 | ثوب آل |


پاشكۆی ژمارە (3)

لیستی میرەكانی میرنشینی معین (نیلسن و هومل، 1958، ص ص 270 – 271
؛ شرف الدين، 1964، ص: 56-57)



پاشكۆی ژمارە (5)

وێنەی پاشماوەی كۆشكی مشتی غساسنەكان لە ولاتی ئوردن كە تاوەكو ئێستاش ماوەتەوە. ( http://www.jordanheritage.jo/ghassanids-constructions-in-jordan/# )





پاشكۆی ژمارە (4)

وێنەی پاشماوەی كەنیسەیەك لە گردی عەمیری ولاتی ئوردن كە تاوەكو ئێستاش ماوەتەوە. ( http://www.jordanheritage.jo/ghassanids-constructions-in-jordan/# )

نەخشەی ژمارە (1)

شوێنی جوگرافی میرنشینی غەساسنە و میرنشینی معین لە باکوور و باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی (سالم، ب.س.ط، ص: 155)

